www.kurdistannet.org

# من رۆژێ دەیان جار دەمرمو دەژییمەوە..!!

کەریمۆك

من دەمرم...! دەمرمو دەژییمەوە.. جار هەیە لەچرکەساتێکدا دەیان جار دەمرمو زیندوو دەبمەوە.. مردن سیمبولی کۆتایی شتەکانە..!

لێرەدا من نامەوێت، فەلسەفیانە باس لەمردن بکەم..

من دەمرم..مردنێك ئاکامی زیندوو بوونەوەیە، پرۆسەیکی چەندە سەختە، رۆژێ دەیان جار مردن بەچاوی خۆت ببینی..

من ئەو ساتانە مەرگ میوانمە، کەلەشکری بی شوماری منداڵە بۆیاخچیەکانی سەر شەقام کزە لەجەرگم وەدینن، نیگاوی تەماوی ئەوان.. باڵای ژاکاوی ئەوان.. بێ بەرگیو داوماویان، دەمکەنە مشتێ سووتو، دەیان جار دەمرمو دەژێمەوە، کەپیرەمێردێکی پشت کۆماوی کوێر، لۆژە لۆژ پشتی ئەو شەقامە تەزیوو لەپ زبرانە دەکوتێتەوە.. شەڕ لەگەڵ مەرگدا دەکات، لای ئەو نەنگیەکی گەورەیە دەست پان بکاتەوە... بەکەساسییەوە بەنەخوێن، پاکەت، شخارتە.. دەفرۆشێت..

من بیر دەکەمەوە.. کەسەقەتەکانی سەرشۆستە، دەستو قاچ پەڕیوەکان، دیمەنی هێندە سامناکن کەس ناتوانێ چەند چرکەیەك لێیان رامێنێ.. ناتوانین رابمێنین چونکە رامان مردنێکیتری بەدواوەیە..

من بیر دەکەمەوەو دواجاریش من دەمرم..!

خۆشحاڵ دەبم، بەباڵای بۆ ئاسمان رۆچووی سلێمانی پالاس، گەش دەبمەوە، کەخەڵکی وڵاتەکەم باوەش بەپێشکەوتندا دەکەنو پێشوازیی دەکەن، بڕوا بکەن من حەز بەشارستانیەتو بوژانەوە دەکەم، پێم خۆشە شار هەمووی بالەخانە بێت.. بەڵام دەمرم، کەهاوڕێکەم پێم دەڵێت خەڵکی هەژاری شار چەندە ساویلکەن، دەڵیان بەسلێمانی پالاس خۆشە، ئەوان نازانن دواجار تەنها دڵخۆشیو سەیرکردنیان بۆ دەمێنێتەوە. خۆ ئەگەر بکرێت ئەوانەش گومرگ دەکرێت..!!

دەمرم کەدەبینم هەر کیلۆمەترێك دوور لەحەسیب ساڵحەوە، دەیانو سەدان ماڵە هەژار لەحامیەکە.. حامیەکەی شەهید (بەکر عەلی) ژیانی کولە مەرگی بەسەر دەبەن.. دەمرم کەدەبینم عەرەبانچیەکی شیخ اللە تائێوارە لەبەر ئەو سۆرە هەتاوە، ژەمێکی چەورو کرێی خانییەکەی بۆ دابین ناکرێ.

من حەزم لەئینتەرنێتو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە.. بەڵام دەشمرم، قەدەری هەموو ئینسان بەداگیرساندنی چەند دوگمەیەك بەند بێت.. کەوەك ئادرنو دەڵێت: (چارنووسی جیهان بەسەر پشتی رۆکێتەوەیە).

بیرت پەرت نەبێت، ئەوانەی من باسی دەکەم، باس کراون، هەست پێکراون، واقیعێکەو هەیەو هەموومان دەبینم.. دەشێ ئینتمای من بۆ رەوتێکی دیاریکراوی فیکری پاڵنەربێت بۆ قسانە.. بەڵام خۆ من کەلەپۆلی یەکەمی ناوەندی بوومو یەکەمین کورتەچیرۆکم نووسیو پیشانی مامۆستاکەم داو بۆم خوێندەوە.. راستەن پێی گوتم.. کوڕم تۆ مارکسیی، ئاگات لەخۆت بێت.. من ئەوسات نەمارکسم دەناسیو نەرۆژێ وێنەیەکیم دی بوو. دواجار چەرمەسەری ژیان، چەوساندنەوەو نابەرابەری، برسیەتیو نەبوونی، تێرو پۆشتیەم بینی، ئەو

www.kurdistannet.org

ئینسانەشم ناسی.. مانیفێستو کەپیتال.. تێزەکانی ئەو.. دابەزینی بەهەشت لەئاسمانەوە بۆ سەر زەوی.. زەوییەك دەشێ مرۆ تێیدا سەرەوەربێت، بەختەوەر بێت، بەکورتی دونیایەك نابێت لەسەبەی بچێتو وەك ئەمرۆ بێت..

من دەمرم.. دەشێ کەسیتر هەبن وەك من بمرنو زیندووببنەوە..؟؟!

برینی وشە، لەبرینی گوللە قوڵترە، جار هەیە رستەیەك دەمکوژێ، هەڵم دەگرێو دەم داتە دەم رەشەبای بیرکردنەوەیەکی قوڵ.. بیرکردنەوەش خۆی مردنێکیترە، پرۆسەیەکی ئازاراوییە، خۆ تاوتوێکردنە هەڤپەیڤینێکی چارەنووسازە لەگەڵ خۆتدا، دواجار ئەوەی بیربکاتەوە هەم هەیەو هەم دەشمرێت..!

بیرکردنەوە لەچی ..؟ لەکێ.. ؟ لەوشتانەی باسمان کردنو لەوانەی لەباسکردن نایەن.. من بیردەکەمەوە کەواتە هەم.. (کانت)ی ئازیز مۆڵەتم بدە بابڵێم: من بیردەکەمەوە کەواتە دەمرم.. من دەمرم.. دەمرمو.. نـــــــــــــــــامرم..!!

بەبینینی دیمەنی ئەم کورو کچە لاوانەی تاسەر ئێسقان چەپاندن بەگیانیان رۆچووە..

دەمرم.. بەبینینی ئەو لاوانەی کەسێ نییە بەلاوازو بێئیرادەی نەزانێ، گوێی بۆ شلکا، تاباسی عەشقی خۆی بۆ کچێك بکات..

عەشق.. ئای وشەیەکی چەند نامۆیە بەئێمە.. ئاخر لەولاتێکدا نێرو مێ، شورای هەڵچنراوی نێوانیان ئاسمانو رێسمان بێت، نێرومێ دوو دونیای لێك جیاواز دوو ئەستێرەی نەدۆزراوەو نائاشنا بەیەك..

لەولاتێکدا نامەوێ دڵداری لەکاغەزێکی سەد جار پێچراوی سیاسی نێوان شاخو شار یاساغ تر بێت، عەشق چ مانایەك لەخۆی دەگرێ..

کچ لای کور کیشوەرێکی نەدۆزراوەیە؛ جەستەیەکە لەخەیاڵو واهیمە.. کور لای کچ پاڵەوانی داستانە ئەفسانییەکانەو سەردارو پشتو پەنایە..

نا عەشق لەولاتێکدا ئامادەیی نییە، نەوال سەعداوی راستی گوت، خۆشەویستی لەنێوان کوێلەو دەسەڵاتدار چەوساوەو چەوسێنەر بوونی نییە، پیاوی دەسەڵات پێ بەخشراو، خاوەنی هەموو شتەکانە، تەنانەت تۆی کالاش.. لەتەك کالاکانیتر. کەواتە چۆن خۆشەویستی بوونی دەبێت..

من بیردەکەمەوە کەواتە من دەمرم.. من بیر لە(ژن) دەکەمەوە، راستر بیر لەخۆم دەکەمەوە..

چونکە بەختیاری من لەئازادی ژن دایە، تۆ کۆیلە بیت سەرەوەری من چ مانایەکی دەبێت..!

دەبێت بیر بکەینەوە، تا بمرین.. بەکۆ بمرین تا بژین.. ژیانێك، درەختەکانی سێبەری بۆ هەمووان بێت.. هەمووان وەك یەك ئاشنای زەردەخەنە بین.. وەك یەك بخوێن، بخوێنەوە، وەك بمرێنو بیژێین..

لەوەتەی گرۆگاڵی خوێندنەوەو نووسین دەکەم، راستر لەوەتەی بیر دەکەمەوەو دەمرم.. لەوشەی ئینتهازیت رادەمێنم، لەزۆر کەسی زمان زانم پرسی ئەم وشەیە بەکوردی مانای چییە..؟ یەك گوتی: ئینهازیەت یانی هەلپەرست، بەواتا ئەوەی بۆ هەلێك دەگەرێ مەرمەکانی بەجێ بگەینێ.. ئەگەر چی تا ئێستاش ئینتهازیەت بەرامبەرەکەی بەکوردی نییە، بەلام هەموو ئینتهازیەکانی زوبان کوردیی دەناسم، دەزانم ئەم ڤایرۆسە چووە جەستەی هەر کەسێکەوە شەلالی خۆپەرستیو چەند روویی‌و دەیەها نەخۆشی کوشندەی دەکات..ڤایرۆسی

www.kurdistannet.org

ئینتهازی لەتاکەوە دەگوێزرێتەوە  ناو تاقم‌و گروپ، جار هەیە سەراپای پێکهاتەی حیزب دەگرێتەوە، بەمە حیزبی ئینهازی بەوجوود دێت، کەقەوارەی حزبیش بەئینتهازیەت  تەنرا.. کارەسات بۆ کۆمەلگە دەخولقێت، مشەخۆری‌و بەدرەوشتی پەرەدەسێنێ، بەکوردی حیزب دەبێـە کارگەیەك‌و مووچەی سەرجەم ئەندامانی بێ ئارەق رشتن دابین دەکات، ئەوسا دەبیت ئێمە سەدجار بمرین‌و بژێینەوە، هاوار بکەین‌و بچینە ئاسمان‌و بێینەوە بەخەڵك بڵێین بڕوا بەقسەکانی حیزب مەکەن، دروشمەکانیان، بەرنامەو گۆتەو رەفتاریان، دژی بەرژەوەندییەکانی ئێوەیە، دەبێت بمرین، تا لەخەڵکی بگەیەنین ئەوەی دەی بینن حەقیقەت نییە سیناریۆیە..

هاورێکەم گوتی: ئای رۆژگاری چیمان دەکرد، چۆن ئەو خەڵکەمان گۆش دەکرد چەکمان بۆ هەلگرێ‌و باوڕمان پێ بکەن کەئێمە بۆ ئاسوودەیی‌و ئازادیی ئەوان خەبات دەکەین، ئەی ئەمڕۆ  چەند خۆم بەشەرمەزار دەزانم کە داوا لە هەمان خەڵك دەکەم، ئەوەی هەیە دوورە لەراستی‌و بۆ خواست‌و ئامانجی ئەوان نییە..

دەبێ بیربکەینەوەو بڕوانین‌و دەنگ هەڵبڕین، دواجار دەبێ بمرین تاحەقیقەت بخەینە سەر راستە ڕێی خۆی.. ئەگەرچی حەقیقەت نسبییەو یەك روو نییە، دەشێ لای تۆی تاریك پەرست، حەقیقەت  گەڕأنەوە بێت بۆ چاخە تاریکەکان‌و پەچەو چارشێوە بۆ ئافرەتان‌و شەرعیەت دان بەچەند ژنی، لای منیش جۆرێکی‌تر..دەشێ ناوزەدی بکەین بەجونکردنی ژیان، بنبڕکردنی چەوسانەوە، ئازادیی‌و بەرابەری بۆ هەمووان.

دەبێت بمرین، وەك چۆن ئەو مرۆڤانەی مردن تاحەقیقەت بخەنە  سەر تەخت، تائینسان باڵا بێت، دەبێت سەد جار بمرین‌و بژێینەوە، تامەردوم بەژیان رابێنین‌و پشت لەمردن بکەن، دەبێت‌و دەبێت سەد جار بمرین تا خۆشەویستی بۆ ژیان‌و ئینسان دەبێتە پرانسیپی بوونمان..!